جارێکیان هاتم بە سواری گوێدرێژێکەوە کە تازە پێگەیشتبووم، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێشنوێژی بۆ خەڵکی دەکرد لە مینا وهیچ دیوارێک لە پێشی نەبوو

لە عبداللەی کوڕی عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «جارێکیان هاتم بە سواری گوێدرێژێکەوە کە تازە پێگەیشتبووم (باڵغ بووم)، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێشنوێژی بۆ خەڵکی دەکرد لە مینا وهیچ دیوارێک لە پێشی نەبوو، و لە پێشەوەی بەشێکی ڕیزەکە تێپەڕ بووم، ودابەزیم (لەسەر پشتی گوێدرێژەکە)، وگوێدرێژەم جێهێشت بۆ ئەوەی بلەوەڕێت، وچوومە نێو ڕیزەکەوە، وهیچ کەسێک ئینکاری لێم نەکرد لەسەر ئەم کردەوەیەم».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

عبداللەی کوڕی عەباس -ڕەزای خوایان لێبێت- باسی ئەوە دەکات کاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێشنوێژی بۆ خەڵکی دەکرد لە مینا لە حەجی ماڵئاواییدا، ئەو بە سواری گوێدرێژێکەوە هات ولە پێشەوەی بەشی یەکێک لە ڕیزەکان تێپەڕ بوو، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە کاتی نوێژکردنەکەدا هیچ دیوارێک لە پێشی نەبوو، وبۆیە ئەویش دابەزی وگوێدرێژەکەی جێهێشت بۆ ئەوەی بلەوەڕێت، وچووە ڕیزی نوێژ خوێنانەوە. وهەروەها -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات لەو کاتەدا تازە پێگەیشتبوو، واتا لەو تەمەندا بوو کە ئەگەر کارێکی هەڵە بکات کە نوێژ لە نوێژخوێنەکان تێکبدات ئەوا دەبێت ئینکاری لێبکرێت، و لەگەڵ ئەمەشدا هیچ کەسێک ئینکاری لێنەکرد، نە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ونە هاوەڵانیش -ڕەزای خوایان لێبێت-.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3090